نێچیرڤان بارزانی: نە شکست نە بە هیوایی پێناسەی پارتی بوو

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنێ یەکشەممە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر ڕایگەیاند، هیچ کات نە شکست نە بە هیوایی پێناسەی پارتی بووە.

دوێنێ یەکشەممە، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵمەتی بانگەشەی پارتی لە شاری هەولێر گوتی: خەڵکی تر، لایەنگرانی تر ململانێ دەکەن بە ئەوەی تێزێک بگەنە ئاستی پارتی، ئێمە وەکو پارتیی قەناغی ململانێمان بەجێهێشتووە، ئامانجی ئێمە زۆر گەورەترە لەو ململانێیە، ئامانجی ئێمە وەکو پارتی، ئامانجی ئێمە گواستنەوەی کوردستانە بە قەناغێکی تری پێشکەوتووتری حکومڕانی لە هەموو ڕوویەکەوە.

نێچیرڤان بارزانی دەشڵێت: گەلەکەمان بە زۆر قەناغی تاریک و نەهامەتی و شکستدا تێپەڕیوە، بەڵام هیچ کات نە شکست پێناسەی پارتی بووە، نە بەهیوایی پێناسەی پارتی بووە، پێناسەی ئێمە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆر و تیشک و پرشنگ و ڕووناهی و گەشەی ژیانە، پارتی وا لە دایک بووە، وا بەردەوام بووە، هەر بەو ڕەوتەش بەردەوام دەبێت.

پارتیی ئێمە لە پارتێکی سیاسی گەورەتر بووە، ئێمە بزووتنەوەیەکین، بوونەوە چرای ڕۆشنایی گەلی

کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکانییەوە، لە ڕابردوودا ئەم تاریکیمان ڕەواندتەوە، لە سەردەمی ئێستاماندا، دەستپێشخەر و سیمبۆل و گەرەنتیی ئاوەدانی و سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و پێشکەوتنی کوردستانین.